# چەند تێڕامانێکی هاوچەرخانە
# لە جەنگ و مەرگ.

**نوسینی /پیتەر برۆك***

**و / کامیل محەمەد قەرەداغی**




زیگمۆند فرۆید

هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم لە مانگی ئابی (1914)دا شۆکێکی ترسێنەری لە هەموو بیریارە ئەوروپاییەکان دا، بەتایبەتیش بیریارە جیهانییەکانیان، ئەوانەیان کە بە چەند زمانێك قسە دەکەن و خۆبەخۆش سەفەردەکەن، و لەناو دەمارەکانیاندا خوێنی هەستکردن بە هاوڵاتێتی بەرامبەر بە کەلتوری فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیتالی و ئەڵمانی دەجولێت.

ئێستە لەوانەیە جەنگ ببێتە شتێکی نائاشنا لە جیهانێکدا کە هەنگاوهەڵهێنانێکی خێرای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابوری بەخۆیەوە دەبینێ و زاڵبوونێکی ئاشکرای دەستەڵات و بەها ئەوروپاییەکان لەزۆربەی بەشەکانیدا بەدی دەکرێت.

(زیگمۆند فرۆید) کە رۆشنبیریی خۆیی لە هەردوو کەلتوری (پاریس و ڤییەننا) هەڵێنجاوە و زۆر سەوداسەری (سۆفۆکلیس و شەکسپیر)بووە، یەکێکی ئەو بیریارانەیە. لەسەرەتای ساڵی(1915)دا کە بشێوی ڕێگای خۆیی بەرەو ڕووحی ئەویش دۆزیبۆوە و نائومێدبوون لەشەڕ پرستی هەموو شتێکی لێ بڕیبوو، لەبەرامبەر مێزی کارکردنەکەی خۆی دانیشت و هەوڵیدا لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە ناونیشانی(چەند تێڕامانێکی هاوچەرخ سەبارەت بە جەنگ و مەرگ)ی پێدا مانای "جەنگ" و ڕەنگدانەوەکانی ڕوون بکاتەوە.

تەواوی بەشی یەکەمی ئەو وتارەی تەرخان کرد بۆ ئەو هەستە تاڵەی کە مرۆڤ دەگرێتەوە لەوکاتەدا کە لە خەونێك بێداردەبێتەوە کە بەشارستانییەتەوە بینیویەتی"ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێمە بەسەر ڕووداوێکی لەمشێوەیەدا نەکەوتوین کە ئاوا میراتێکی مرۆڤایەتیی هێندە گرنگی وێران کردبێت،یان بەسەر مەسەلەیەکی وادا نەکەوتوین کە هێندە ئاسۆی بێگەردی بیریارە سەلارەکانی خڵتەدار کردبێ، یان ئاستی شتێکی وای دابەزاندبێت کە خۆی لە بەرزیدا بوبێ" بۆیە فرۆید ئاماژە بەبوونی ئومێدێکی گەورە دەکات کە لەناو ئەوروپاییەکاندا بۆئەوە لەئارادایە ناکۆکییەکان بەڕێگای ئاشتییانە چارەسەر بکرێن.

فرۆید سەرسامانی خۆیمان بەرامبەر بەوە پیشان دەدات کە چۆن جەنگ ئاوا جڵەوی بۆخۆی شل کردووە، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتییش ئاماژە بۆئەوەدەکات کە ناکۆکییەك هەیە لەوەدا کە وڵاتان بوار بەخۆیان دەدەن لەکاتی شەڕدا هەموو شێوە قەدەغەکراوەکانی زوڵم بەسەر هاوڵاتیانی خۆیاندا پیادە بکەن، لەوانەشە ئارەزوویەکی ئاشکرای ئەوەشیان هەبێت

توندوتیـژی بۆخۆیـان پـاوان بکـەن:وەك ئـەوەی مەسـەلەکان بـە خـوێ و توتنـەوە گرێـدراوبن: هـەروەها نوسـیویەتی"کاتێـك دەوڵـەتێك لەشـەڕدا دەبێـت بـوار بـەخۆی دەدات چـەندان جـۆری توندوتیژی و کەتن پیادەبکات کە بچوکترینیان زیان بە کەرامەتی مرۆڤ دەگەیەنن" .




پیتەر بروك لە پۆڵێكدا

بەڵام بێگومـــــــان لەلای (فرۆید) دەکرێ هۆکارەکانی دیاردەی کەڵەکەبوونی ئـــــەو تونـــــــــــــــدوتیژی و هەڵخەڵەتاندن نامرۆڤایەتییانەش ڕاڤە بکرێن کە هـــــــــــــاودەمی جەنگن. شیکردنەوەی دەرونی پەیوەستبوونێك دروســـــــت دەکات لەنێوان بوونی مرۆڤگەلێکی شاری و کۆمەڵگەهـــــــــــایەکی سازێنراو لەلایەك و وازهێنان لە فۆرمە هەرە بەراییــــــەکانی قایلبوونی غەریزەیی لەلایەکی تر ، چونکە هـەموو تاکێکی ناچارکراو بـە ملدان بە کۆمەڵە پرەنسـیپێکی ئاکـاری کـە ئـارەزووە غەریزەییـەکانی دابمرکێننـەوە. بەشـێوەیەکی دەرونـی لەســـەروی تواناسروشـــتییەکانی خۆیـــەوە دەژی .لـــەم پێگەیـــەوە شـــەڕ دەبێتـــە هۆکـــاری پەرشوبڵاوپێکردنی هەموشێوەکانی میانڕەوی و بڵاوبوونەوەی سەرکوت، ئیتر وەك ئەوەی کە ئێمـە لەچاوتروکاندنێکدا پەککـەوتنی هـەموو دەسـتکەوتە ئاکارییـەکانمان بەچـاوی خۆمـان ببینین و لە هەلسوکەوتە دەروونییە هەرە بەرایی و کۆن و وەحشیگەرانەکانمان تێپەڕێ هیچی ترمان بۆ نەمێنێتەوە،ئایا ئەمە ئەوشتەیە کە پێشکەوتنی شارستانیەت پشتی پێدەبەستێت و دەستکەوتە ئایندەییەکانی خۆیی پێوەگرێدەدات!

شتێك کە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا زۆر سـەرنجمان ڕابکێشـێت و لـە هـەمان کاتیشدا زەینمـان بـەنج بکات ئەو شتەیە کە فرۆید دەیڵێت سەبارەت بە گۆڕانی ڕەوشتی مرۆڤ بەرامبەر بەو مەرگەی کە جەنگ دەیچێنێت.چونکە بەشی هەرەگەورەی شارستانی لەسەر ئەو ڕێزە وەستاوە کە ئێمە لە مردووانی دەگرین. ڕەگەکانی ئەم ڕەوشتەی کە لەسەر ترس و ڕێز ڕاوەستاوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ئەزموونـەی کـە مـرۆڤ کەسـەنزیکەکانی خـۆی لەدەسـتدەدات.بەمشـێوەیە شارسـتانی جێگەیەکی تایبەت بۆئەوشتە تەرخان دەکات کە ئێمە هەموان هەوڵدەدەین لە زەینـی خۆمـانی دەربکەین کە ئەویش واقعی مردنـی خۆمانە.. هەڵگیرسانی شەڕ ئەم پلەوپایەیە تێکدەدات و دەمانگێڕێتەوە بۆسەر ئەو ڕەوشە بەراییەی کە تیایدا ڕاستیی فەنابوونی خۆمان لەیاد دەکەین و ئـاوات بـە مردنـی دوژمنـەکانمان دەخـوازین.. جـەنگ ئـەو چینانە لادەدات کـە شارسـتانی ئێمـەی پێداداپۆشـێت و بـوار نـادات لـە مرۆڤـە بەراییەکـە بـەولاوە چـیدیکە لـە ناخمانـدا گەشـەبکات. دەیبینـین سـەرلەنوێ ڕەوشـتی پاڵـەوانێکمان بەسـەردا دەسـەپێنێت کـە مـل بـە ئەگەری مردنی خۆی نادات.هەموو کەسە نامۆکانما لە بەرگی دوژمندا پیشاندەدات کە دەبێ

قەڵاچۆیان بکەین،یان مەرگیان بە ئاوات بخوازین، ئامۆژگاریی ئەوەمان دەکات کە مەرگی کەسە نزیکەکانی خۆمانمان بینی بێدەنگ بین.
(ئەو شەڕەی کە لەوانەبوو ماوەی چوارساڵ بەردەوام بێت نائومێدی و هەرەسێکی لێکەوتەوە)کە وای لە فرۆید کرد لەوە ڕابمێنێ کە ئایا بڵێی مرۆڤ لەکۆتاییدا ناچاری ئەوە نەکرێتەوە ملی ڕێگەی هەڵچوونە بەراییەکە بگرێتەوە بەر: ئایا پێویست بەوەناکات ددان بەوەدا بنێین کە ڕەوشتی ئێمە بەرامبەر بە مەرگ بەوشێوەیەیە کە ژیانە شارستانییەکەی ئێستەمان بەسەرماندا دەیسەپێنێت و لەسەروی توانا دەروونییەکانی خۆمانەوەیە، تەنانەت تا ئەو ئاستەیە کە پێویستە چاوپۆشیی لێبکەین و لەبەرامبەر حەقیقەتدا بچەمێینەوە؟
ئای ئەمە چەند بیرۆکەیەکی تاڵە بەلای هەموو پەیامبەرەکانی شارستانیەتی هاوچەرخی ئەورووپاوە؟.شەڕ ئاراستەیەکی نوێی بەخشییە هزری فرۆید کە تەمومژاوی تر دێتەپێشچاو،ناچاریکردووە گرنگییەکی پتر بداتە سادیزم و تێزی دوژمنکارانە وا پاڵی پێوەناوە کە لەناوەڕۆکی مەرگ واتێبگات کە زنجیرەیەکی بنچینەیی بێت لەژیانی سروشتیی مرۆڤدا . جەنگ تراژیدیای شارستانیەتە باهیچ نەبێت سودی لێوەربگرین بە قووڵبوونەوە بەناو کارەساتبارترین سیماکانی دەروونناسیی مرۆڤایەتیدا.دیمەنەکەی ئەمریکا کە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا شەڕی کرد هەموومانی شۆك کرد. چونکە ئێمەش هەموومان وەك ئەورووپییەکانی ساڵی(1914) واماندەزانی وڵاتەکەمان وازی لەوەهێناوە کە شەڕکردن وەك ئامرازێك بۆ سەروەریی نیشتمانی بەکاربهێنێت. لەوانەشە ئەم شەڕە کورتخایەن و کاریگەربێت، بەڵام بێگومان مەرگ هەردێت و گیانی چەندان کەسی سوپاکانمان دەکێشێت،ئەگەرچی مردووانی ناو ڕیزەکانی خۆمان کەم بێت و بێگومان لەناو ڕیزی ئەو کەسانەدا زۆردەبێت کە ئێمە بە دوژمنانی خۆمانیان دادەنێین(ئەگەر شەڕی یەکەمی کەنداو وەك مەرجەعیەتێك وەربگرین)دەبینین چەندان خانوو و شار وژێرخانی ئابووری بە تەواوی تێکدەشکێن، بەچاوانی خۆمان برسێتی و برسیبوون و نەهامەتیی پەنابەران و خانەی هەتیوان دەبینین.
بێگومان دیارترین سیمای بزری ناو زۆربەی گفتوگۆکانی جەنگی کەنداوی دووەم ئەوەبوو کە هەستکردنمان بە بە زیانی مرۆییەکانی جەنگ لە کەمترین ئاستدابوو. شتێك کە گوتاری سیاسیی ئێستە بە تەواوی فەرامۆشی بکات داننانە بە مۆرکە خراپەکەی جەنگدا . دەڵێی ووردەووردە دەگەڕێینەوەسەر ئەو شێوازە بەراییەی کە "فرۆید"لە تێڕامانە قووڵەکەیدا لەسەر مردن باسیکردووە(پێویستە کە ئێمە پاڵەوان بین، بە هەموو ویستمانەوە پڕبەدڵ مەرگی دوژمنانمان بخوازین)هیچ گومانێکم نییە لەوەی سەرکردەکانمان حەزدەکەن هەرچەندی پێیان بکرێ زیانەمرۆییەکان کەم بکەنەوە، بەپێی تواناش "زیانە لابەلاکان" کەم بکەنەوە ، دیارە

"زیانەلابەلاکان"یش گوزارەیەکی خۆشکراوە بۆ ئامارژەدان بەو مەدەنییانە بەکاریاندەهێنین کە دەبنە قوربانی و بەڕێگەی هەڵە دەکوژرێن یان بریندار دەبن. بەلاّم راستی و ڕەوانی وامان لێدەخوازن کە کراوانەتر و گشتگیرانەتر باس لەو پەیوەندییانە بکەین کە ئێمەو مردن بەیەکەوە دەبەستێتەوە.
لەوانەیە شەڕکردن ڕەنگدانەوەی شکستهێنانێك بێت لە بەئاشتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکاندا، بەلاّم لەهەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی شکستهێنانی شارستانییشە!

- پیتەر برۆك / نوسەر و دەرهێنەرێکی گەورەی شانۆیی بەریتانییە، هەروەها ئەندامی سەنتەری نێودەوڵەتیی توێژینەوەی میانڕێبازییە، ئەم وتارەی بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە ئەوروپادا بلاّوکردۆتەوە.
- سەرچاوە / ئینتەرنێت.